**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ١١٧١١ لە ٢٠٢٣/٩/١٢**

پاڵپشــت بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشــتەم) لە یاســای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کورد ستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و بڕگەی ( سێیەم)ی لە ماددەی (چوارەم) لە یاســای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویســتی و تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردســتان-عێراق ژمارە (٢٢)ی ســاڵی ٢٠١١ی هەموارکراو، و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢٥) لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١١٤) لە ٢٠٢٣/٨/٩، ئەم پەیڕەوەی خوارەوەمان دەرکرد:

## پەیڕەوی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٣

## پەیڕەوی سندوقی چاودێریی و شیاندنی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان-عێراق

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان-عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**چوارەم: سندوق:** سندوقی چاودێریی و شیاندنی کە سانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان.

**پێنجەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی چاودێریی و شــیاندنی کەســانی کەمئەندام و خاوەن پێداویســتی تایبەت و کورتەباڵایان پێکهاتوو بە گوێرەی ماددەی (ســێیەم) لە یاســای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویســتی و تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردســتان-عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** ســندوقێك بۆ چاودێریی و شــیاندنی کەســانی کەمئەندام و خاوەن پێداویســتی تایبەت و کورتەباڵایان دادەمەزرێت و بودجەیەکی لە چوارچێوەی بودجەی وەزارەت بۆ تەرخان دەکرێت، و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی دەبێت و لەلایەن ئەنجومەنەوە بەڕێوە دەبردرێت.

**دووەم:** ئامانجی سندوق بریتییە لە هێنانەدی ئەمانەی خوارەوە:

أ- پێشکەشکردنی چاودێریی و شیاندن و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بۆ کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان.

ب- پاڵپشــتیکردنی کەمئەندامان و خاوەن پێداویســتی تایبەت و کورتەباڵایان لە گشــت بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و فێرکاری و کاتبەسەربردن و هی دیکە.

**ماددەی (٣):**

**داهاتەکانی سندوق لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

**یەکەم:** تەرخانکراوی ساڵانە لە بودجەی وەزارەت.

**دووەم:** بەخشین و پیتاك و یارمەتی و زەکات و وەسیەت و وەقفکردن و هی دیکە، و ئەوانەی لەلایەن دەستە نیشتمانی و بیانی و تاکەکان پێشکەش دەکرێن، بە نەخت بێت یان شمەک.

**ماددەی (٤):**

**بوارەکانی خەرجکردن لە سندوق بریتیین لەمانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** دابینکردنی ئامێری قەرەبوکار و ئامادە سازکار و کەلوپەلی پزیشکیی پێویست بۆ کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان.

**دووەم:** دابینکردنی چارە سەریی پێویست و لە نێوانیشیاندا نە شتەرگەریی و شیاندنی تەندروستی و پێشکەشکردنی داودەرمان بەو کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایانەی کەمدەرامەتن.

**سێیەم:** ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و کۆڕبەند و ئامادەکردنی چاپەمەنی و چالاکیی جۆراوجۆر کە خزمەت بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان دەکات لەگەڵ تواناسازی و بەرزکردنەوەی کارامەییان بەو شێوەیەی لێهاتوو دەبن بۆ کارکردن لەو بوارانەی بۆیان گونجاوە.

**چوارەم:** بەشداریکردن لە پەرەپێدانی دامەزراوەکانی چاودێریی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان و چاککردنی دامەزراوە گشتییەکانی پاڵپشتیکار بۆیان.

**ماددەی (٥):**

**ئەرکەکانی ئەنجومەن بریتییە لەمانەی خوارەوە بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە:**

**یەکەم:** دانانی سیاسەتی گشتیی بەڕێوەبردنی کاروباری سندوق.

**دووەم:** دانانی ڕێسای ناوخۆیی بۆ سندوق ئەوانەی پەیوەستن بە کاروباری هونەری و کارگێڕیی و دارایی و سەرچاوە مرۆییەکانەوە.

**سێیەم:** هاریکاریکردنی وەزارەت و دامەزراوە و لایەنی پەیوەندار بۆ هێنانەکایەی بەرژەوەندیی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان.

**ماددەی (٦):**

**ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی داواکاری یارمەتی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

**یەکەم:** داواکارییەك لەلایەن کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت یان کورتەباڵا یان کە سوکاریان یان ئەوەی لە ڕووی یا ساوە نوێنەرایەتییان دەکات پێشکەش بە ئەنجومەن دەکرێت بەو مەرجەی ئەمانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

أ- ناسنامەی کەسیی.

ب- ئەو بەڵگەنامانەی پشتگیریی داواکارییەکەی دەکەن.

**دووەم:** پێویستە داواکارییەکە لەلایەن ئەنجومەنەوە دیرا سەت بکرێت لە ماوەیەك لە (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی داواکارییەکە لەلای ئەنجومەن، تێپەڕ نەکات.

**سێیەم:** ئەنجومەن بڕیاری خۆی دەدات سەبارەت بە داواکارییەکە بە ڕەزامەندیی یان ڕەتکردنەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لە نێوان داواکارییەکە و ناوەڕۆکی ئەو بڕیارەی دراوە.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** سندوق ملکەچ دەبێت بۆ چاودێریی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێم.

**دووەم:** ساڵانە سندوق جەردی بۆ دەکرێت.

**سێیەم:** سندوق ئەژمێرێکی بانکیی یەکخراوی دەبێت لە بانکەکانی هەرێم بە گوێرەی پێویستی.

**چوارەم:** نابێت داهاتەکانی سندوق لەدەرەوەی چوارچێوەی ئامانج و بوارەکانی خەرج بکرێت.

**ماددەی (٨):**

پێویستە لەسەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٩):**

وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە دەردەکات.

**ماددەی (١٠):**

ئەم پەیڕەوە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**